

# پۆرترێتی کەسایەتییەکانی کوردستان دەکرێتە کتێب

ئا: سیروان عەباس

وێنەگر و نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوقمان ڕەحیمی، پۆرترێتی 100 کەسایەتی کوردی باشووری کوردستان لە کتێبێکدا بە ناوی «100 پۆرترێتی کورد» چاپ و بڵاودەکاتەوە.

لوقمان ڕەحیمی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بیرۆکەی ئامادەکردنی ئەم کتێبە لە وێنەیەکی هونەرمەندی شمشاڵژەن قالە مەڕەوە سەرچاوەی گرت، دواتر وێنەی 99 کەسایەتی دیکەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووە و لە توێی کتێبەکەدا بڵاوی کردووەتەوە، ئێستاش سەرقاڵی ئامادەکردنی بەشی دووەمی کتێبەکەیەتی بۆ باشووری کوردستان و بە نیازیشە هەمان کار بۆ باکوور و ڕۆژئاواش بکات.

ڕەحیمی دەڵێت: «10 ساڵە سەرقاڵی ئەو کتێبەم و بەدوای کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردی وەکو شەهرام نازری، بنەماڵەی کامکاران، گرووپی عەندەلیبی، بێهرووز غەریب پوور، ئەحمەدی قازی و چەندین کەسایەتی دیکەدا گەڕام بۆ ئەوەی ناودارەکان لەو کتێبەدا کۆبکەمەوە، ئێستاش پرۆژەی داهاتووم بۆ باشووری کوردستانە».

لوقمان ڕەحیمی یەکێکە لە فۆتۆگرافەر و نووسەرە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەدایکبووی شاری بۆکانە و هەر لەوێش نیشتەجێیە. ساڵی 2014 لە ڕکابەریی باشترین وێنەدا مەدالیای زێڕی بەدەستهێنا کە فۆتۆگرافەرانی 20 وڵات بەشدارییان تێداکردبوو.

# (زاگرۆس) میوانی حەوت فێستیڤاڵە

ئا: ئەدەب و کولتوور

«زاگرۆس» یەکەم فیلمی سینەمایی سینەماکاری کورد سەهیم عومەر خەلیفە، لە دوای بەدەستهێنانی چوار خەڵات لە فێستیڤاڵە سینەماییە ئەورووپییەکاندا، بڕیارە لە حەوت فێستیڤاڵی دیکەی سینەماییدا بەشداربێت.

سەهیم عومەر خەلیفە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، (زاگرۆس) لە دوای بەشداربوونی لە چەند فێستیڤاڵێکی سینەمایی نێودەوڵەتیدا، لە ماوەی داهاتوودا بەشداری لە حەوت فێستیڤاڵی دیکەدا دەکات.

ئەم بەرهەمە لە دەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «Bengaluru» لە هیندستان، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «Aiguillon» لە فەڕەنسا، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «Zeeu-ws-Vlaanderen» و فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «That Matter» لە هۆڵەندا بەشدار دەبێت.

«زاگرۆس» یەکەم ئەزموونی خەلیفەیە لە دەرهێنانی فیلمی درێژدا کە لە فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی «Mooov» لە بەلجیکا، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «Belmont» لە ئەمریکا و فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «Gorinchem» لە هۆڵەندا بەشدار دەبێت.

«زاگرۆس» لە 35مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئەنۆنای لە شاری ئەنۆنای لە فەڕەنسا خەڵاتی باشترین فیلمی وەرگرت کە بە خەڵاتی بینەران ناسراوە.

هەروەها بەشداری لە 44مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی گێنت لە بەلجیکا کرد و خەڵاتی گەورەی فێستیڤاڵی بەدەستهێنا کە خەڵاتی «Grand Prix» بوو. دوو خەڵاتیشی لە بەشی پێشبڕکێی 18یەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئارەس لە فەڕەنسا بەدەستهێنا.

فیلمەکە چیرۆکی شوانێک بەناوی زاگرۆس دەگێڕێتەوە کە هاوژینی خۆی زۆر خۆشدەوێت، بۆ ئەو کوردستان بەهەشتە، بەڵام هاوژینەکەی هاڤین و کچەکەی ڕەیهان، ڕوودەکەنە بەلجیکا، دواتر زاگرۆزیش بڕیار دەدات بە ڕێگەی ئەواندا بڕوات.

سەهیم عومەر خەلیفە لەدایکبووی زاخۆیە و ئێستا لە بەلجیکا نیشتەجێیە. بەهۆی فیلمەکانییەوە زیاتر لە 100 خەڵات کراوە.



# کتێبێك لەبارەی چێژ و گرنگیی خوێندنەوە

ئا: ئەدەب و کولتوور

«چێژی خوێندنەوە» کتێبێکی نوێیە لە ئامادەکردنی شاخەوان سدیق، نووسەر و شاعیر کە هەفتەی داهاتوو چاپ و بڵاودەکرێتەوە.


شاخەوان سدیق، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبەکە وەڵامی پرسیارێکە لە ڕوانگەی 12 نووسەر و ئەدیبەوە، لەبارەی گرنگیی خوێندنەوە و لە ئەنجامی خوێندنەوە مرۆڤ چی دەستدەکەوێت.

دیزاینی کتێبەکە تەواو بووە کە ئومێد سەوزە دیزاینی ناوەوە و ئارام عەلی دیزاینی بەرگی کردووە. بڕیارە هەفتەی داهاتوو چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

شاخەوان گوتی کتێبەکە بۆ ئەو خوێنەرانە گرنگە کە تازە دەست بە خوێندنەوە دەکەن و ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکەن، لەو سەردەمی تەکنەلۆژیایەدا و لەسایەی بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چ پێویست دەکات کتێب بخوێنێتەوە؟ کتێبەکە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری لەمجۆرە.

کتێبەکە لەلایەن دەزگای ئایدیا لە سلێمانی، لە 135 لاپەڕەی قەبارە مامناوەندا چاپ و بڵاودەکرێتەوە.


شاخەوان سدیق، ساڵی 1983 لە هەڵەبجە لەدایکبووە، لە 2003ـەوە نووسینی هەیە و خاوەنی سێ پەرتووکی شیعرییە، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین بابەتی ئەدەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کە لەبارەی ڕۆمان، چیرۆک و شیعر نووسیویەتی و ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری (باران)ە کە گۆڤارێکی ئەدەبییە.



# شارلۆت برۆنتی..
## ژنێتی و ئازارا!

نووری بێخاڵی







ژنە ڕۆماننووسی ئینگلیزی شارلۆت برۆنتی، ساڵی 1816 لە سۆنتۆن لەدایک بووە. ساڵانی 1835-1838 ئەوکاتەی کە مامۆستا بوو، ڕۆمانی (کورتەباڵای سەوز) ی بەناوی خوازراوی (لیسلی) نووسی.

ساڵی 1842 لەگەڵ (ئیمیلی)ی خوشکی، بۆ ناونووسین لە قوتابخانەیەک چوونە برۆکسل، بەڵام بەهۆی مردنی پووریانەوە کە دوای مردنی دایکیان سەرپەرشتیی پەروەردە و گەورەکردنی لەئەستۆ گرتبوون، گەڕانەوە بەریتانیا. دووبارە و بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنەکەی، ساڵێک دواتر گەڕایەوە برۆکسل، بەڵام بەهۆی هەستکردنی بە تەنیایی و سۆزی قووڵی بۆ نیشتمان، تەنیا ساڵێک بەرگەی مانەوەی گرت و ساڵی 1844 گەڕایەوە وڵاتەکەی. ماوەی ئەو ساڵەیشی قۆستەوە بۆ نووسینی ڕۆمانی (ڤالیت).

ساڵی 1848 ئیمیلی و ساڵی 1849 ئانی، بە نەخۆشیی سیل مردن، ئیدی ئەو و باوکی بە تەنیا مانەوە. پێشتر و لە ساڵی 1825 هەردوو خوشکەکەی (ماریا و ئەلیزابێس) بەهۆی هەمان نەخۆشی مردبوون. ئەم کۆستە کاریگەرییەکی خراپی کردە سەر باری دەروونیی شارلۆت.

ساڵی 1854 لەگەڵ قەشە ئارسەر بیلّ نیکۆلز خێزانی پێکەوەنا. بە ماوەیەکی کەم شارلۆت سکی دانا، هێشتا کۆرپەکە لە سکیدا بوو کە تەندروستیی بەرەو خراپی چوو، بەو هۆیەوە لە تەمەنی 38 ساڵیدا و ڕێک لە 31ی ئاداری 1855 خۆی و منداڵەکەی ناو سکی مردن. دواتر لە بڕوانامەی کۆچکردنیدا نووسرا: بەهۆی نەخۆشیی سیلەوە گیانی سپارد.

●

### برۆنتی و خەرمانەی نووسین

خوشکانی برۆنتی (شارلۆت و ئیمیلی و ئان) لە تەمەنێکی بچووکەوە، بە نووسینی چیرۆک دەربارەی ژیان و تێکۆشانی خەڵک و دانیشتووانی ناو شانشینی خەیاڵی و مێژوویی، دەستیان بە نووسین کرد. (شارلۆت) لە بارەی شانشینی ئانجریا چیرۆکی خەیاڵی دەنووسی و (ئیمیلی و ئان)یش وتار و شیعریان لەبارەی شانشینی جۆندال دەنووسی. ئەو چیرۆک و نووسینە خەیاڵیانەی لە قۆناغی هەرزەکارییاندا نووسیبوویان، کۆمەکێکی باشی کردن و بوونە بەردی بناغەی نووسین و بەرهەمەکانیان لە تەمەنی پێگەیشتن و گەورەبوونیاندا. تا ئەوەی لە ساڵی 1846 کۆشیعرێکیان بە هاوبەشی و بە سێ ناوی خوازراوی پیاوانە (کیوّر، ئیلیس و ئاکتن بێلّ) بلاوکردەوە. ئەم سەرەتا پتەوەی نووسین، بۆ ئەوان بووە کۆڵەگەیەکی سەرەکی، تا لە نووسین بەردەوام بن و دواجار بەهرە و سەلیقەیان لە نووسینی ڕۆماندا چڕ بکەنەوە. ڕۆمانەکانی (شارلۆت) و خوشکەکەی (ئیمیلی و ئان) بە بەردی بناغەی ئەدەبی ئینگلیزی دادەنرێن، ڕۆمانی (جین ئایەر) کە لە نووسینی شارلۆتە و بەناوی خوازراوی پیاوێک (کیور بێلّ) بلاوی کردووەتەوە، یەکێکە لە دیارترین و بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەو.

لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەدا، جگە لە کۆشیعرە هاوبەشەکەی لەگەڵ خوشکەکانی و کۆشیعرێکی تایبەتی خۆیشی بەناوی (چامەگەلێکی هەڵبژاردەی برۆنتی، شیعر بۆ هەموو مرۆڤێک)، ئەو ژنە نووسەرە چەندین بەرهەمی بەپێزی لە دوا بەجێمان، لەوانە:

کورتەباڵای سەوز- ڕۆمان (1833)
چیرۆکگەلێک لە ئانجریا (1834)
جین ئایەر- ڕۆمان (1847)
شیرلی- ڕۆمان (1849)
ڤالیت- ڕۆمان (1853)

ئیما، ڕۆمانێکی تەواونەکراوی شارلۆت بوو کە دوای مردنی بەناوی (ئیما بە پێنووسی شارلۆت و خاتوونێکی دیکە) ساڵی 1860 بلاوکرایەوە.

هەمان ڕۆمانی تەواونەکراو (ئیما)، جارێکی دیکە و لە ساڵی 2003 بەناوی (ئیما براون) بە پێنووسی (کلایەر بۆلین) بلاوکرایەوە.

●

### برۆنتی، داهێنان لە لووتکەی ئازاردا

وێناچێ هیچ ژنە نووسەرێکی دیکەی دونیا، وەک شارلۆت ئازاری چەشتبێت، ئازاری لەدەستدانی دایک لە تەمەنی پێنج ساڵی، مەرگی یەک لەدوای یەکی خوشکەکانی بە نەخۆشیی سیل.

ئەو ژنە نووسەرە کە لەناو خێزانێکی بلیمەت و داهێنەردا گەورە بوو، خێزانێک (خوشکەکانی برۆنتی) کە مێژوو بۆ هەمیشە ناوی بە زیندوویی هێشتنەوە و لە یادەوەریی مرۆڤایەتیدا بوونە سیمبولی دیار و نەمری ناو ئەدەبیاتی جیهانی، چارەنووسی ئەوە بوو بێتە نێچیری نەخۆشییەک کە وەک مۆتەکە نیشتە سەر تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی.

سێ خوشکەکە (شارلۆت، ئیمیلی، ئان) کە لەژێر سابیتەی یەک ماڵ و بە یەک پەروەردە، گۆش و گەورە ببوون. هەریەکەیان برێک لەو سەختی و ئازارەی خێزانەکەیان چەشت، وەلێ شارلۆت لەگەڵ هەمووانیدا ئازارەکەی بەش کرد. جگە لە مەرگی ناوەختی دایکی، بەسەر مەرگی ناوادەی هەموو خوشکەکانیشیدا کەوت. نەخۆشیی سیل کە ژیان و گیانی خوشکەکانی دروێنە کرد، دواتر ئەو و کۆرپەکەی ناو سکیشی لە گەردەلولی ئازار و ئەجەلی خۆیدا پێچایەوە.

سێ خوشکەکە هەر یەکە بە خەونێکەوە دەستیان دایە نووسین و بە خەیاڵێکی جیاوازەوە لەگەڵ نووسین دەرگیر بوون، بەڵام پێکەوە پەنجەرەیەکیان بەسەر شیعردا کردەوە و کۆشیعرێکی هاوبەشیان لەژێر ناوی خوازراوی پیاوانە بلاوکردەوە و دواتر بڕیار دەدەن لەسەر نووسینی ڕۆمان بگیرسێنەوە و دواڕۆژێکی گەشی ئەدەبی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

دوای ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (جین ئایەر) کە یەکێکە لەو ڕۆمانە بەپێزانەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمی ڤیکتۆریمان بۆ دەگێڕێتەوە و سەرڕێژە لە ڕۆمانسیەت، کەچی خۆشییەکەی هێندەی نەکێشا و مەرگ یەک لە دوای یەک، خوشکەکانی لێ سەندەوە و بەتەنیا مایەوە. ڕەنگە هەر ئەم تەنیاییەش ناچاری کردبێ هاوسەرگیری لەگەڵ قەشەیەک بکات کە وێدەچێ ئامانجی لەو هاوسەرگیرییە تەنیا بوون بە دایک بووبێت، کەچی ئەو ئومێدەشی نەهاتەدی و لەگەڵ نۆبەرەکەیدا و بەرلەوەی ڕەحمی جێبهێڵێ، سیل کوشتنی.

●

### گۆشەگیری و تەنیایی، بوارێک بۆ خۆناسینەوە

هەندێ جار دەکرێ وەک بەخششێک بڕوانینە گۆشەگیری و تەنیایی، بەخششێک کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ سەرلەنوێ خۆی پێناسە بکاتەوە و فۆرمێکی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆیدا بەرهەم بهێنێت. بەو مانایەی دەشێ گۆشەگیری و تەنیایی پەنجەرەیەک بن بۆ ئەوەی لێیانەوە مرۆڤ بەهێزتر بچێتەوە ناو خۆی و پەنهانییەکانی ژیان و جیهان. یان ڕاستتر بڵێین، گۆشەگیری دەرفەتێکە بۆ ناسینی خۆی و نهێنییەکانی جیهان و ژیان. بەو پێیەی گۆشەگیری و تەنیایی و دابڕان لە حەشامات، بواری تێڕامان و قووڵبوونەوە بە مرۆڤ دەدەن، بۆ ئەوەی وردتر ڕۆبچێتە ناو ناخی خۆی. شارلۆت کە بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ڕۆمانی جیهانی دادەنرێت، ئەگەرچی ژیانێکی سەخت و ناخۆش و پڕ ئازاری بردە سەر و برێکی زۆری ئەو ژیانەشی لە تەنیایی و گۆشەگیریدا گوزەراند، بەڵام دواجار ئەو گۆشەگیرییە بۆ ئەو بووە سەرچاوەی بلیمەتی و داهێنان. شارلۆت ڕۆماننووسێکە خاوەن هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی کە لە هەموو ژنە نووسەرەکانی پێش و پاش خۆی جیای دەکەنەوە. ئەو نووسەرێکی بێ ڕکابەری ڕۆمانی ژنانەیە، نووسەرێک بۆنی ژنی لێ دەتکێ، ژن بە هەموو نەرمی و نیانی و جوانییەکانییەوە. لەگەڵ شارلۆتدا ئاشنای زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی ژن دەبین، کە پێش ئەو لە کەسی دیکەمان نەبیستووە. ئەو لە ڕێگای ڕۆمانەکانیەوە تایپێکی تایبەت لە کەسایەتیی ژنمان پێ دەناسێنێ کە وا دەکات تێگەیشتنمان لەزۆر بوارەوە دەربارەی ژن بگۆڕێ، جگە لەوەی بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی، خۆمان لەبەردەم داهێنانێکی دەگمەن و دانسقەی ئەدەبی ژندا دەبینینەوە. بە جۆرێک لەگەڵ خوێندنەوەیاندا چێژ لە قسەکردنی ژن وەردەگرین، بۆنی ژنێتییەکەی دەکەین، ئاشنای ڕوانگە و تێڕوانینی ژن خۆیشی دەبین بۆ کۆمەڵێک چەمک و تێگە و ڕووداوەکان و ژیان خۆیشی.

بەشێوەیەکی گشتی، نووسینەکانی شارلۆت لەو سەردەمەدا، وەک بڵێسە و مەشخەڵی ئاگر بوون، لە بواری بزووتنەوەی ئەدەبی ئازادیی ژندا.

●

### لەبارەی (جین ئایەر)ەوە

بەراورد بە واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەوکاتی ئەوروپا، جین ئایەر ڕۆمانێکە پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە. لەوێدا نووسەر ڕوانگەی پێشکەوتنخواز و تێڕوانینێکی ئازادیخوازانە لەمەڕ پرسی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز کە تێیدا پیاو سالار و باڵادەستە، دەخاتەڕوو. ئەو بە وردی پەنجە دەخاتە سەر خەوشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگاکەی کە لە سایەیاندا پیاو بڕیاربەدەست و، ژن بوونەوەرێکی پلە دووی پەراوێزخراوە. هەرچی پەیوەندیشی بە بواری ئەدگارە ئەدەبییەکەیەوە هەیە، شارلۆت نموونەیەکی نوێ و تەواو جیاواز لە ڕۆمانی باوی ئەوکات پێشکەش دەکات، چ لە باری زمان، یان هونەری گێڕانەوە، یاخود لەلایەنی هەمەڕەنگیی کەسایەتی و ڕووداوەکان. جین ئایەر کە لە روخساردا زیاتر وەک ڕۆمانێکی سۆزداری و ڕۆمانسی دێتە بەرچاو، کەچی نووسەر بە توانا و سەلیقە و لێهاتوویی خۆی، بە ئاوێتەکردنێکی نائاسایی نێوان بابەتگەلی ئەوین و بوغزاندن، سۆز و توورەیی، ترس و دڵەڕاوکێ، ڕەخنەگرتن لە بونیادی سۆسیۆ- پەروەردەیی کۆمەڵگا، بەرهەمێکی ناوازە و داهێنانێکی ئەدەبی بەرز پێشکەشی خوێنەر دەکات. بەرهەم و ئەزموونێک کە سەرنجی نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەگران و خوێنەرانیشی بۆ خۆی کێش کرد.

ئاراستەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ڕۆڵ و کاریگەریی کەسایەتی و کاراکتەرەکانی ناوی، ڕێک پێچەوانەی شەپۆلی باوی ئەوکاتی ناو جیهانی ئەدەبیات و بەتایبەتی ڕۆمانن. ڕۆمانەکە سەرلەنوێ ناساندنەوەی مێینەیە وەک بوونێکی سەربەخۆ کە ئیرادەیەکی پتەوی بۆ خاوەندارێتی لەو بوونە سەربەخۆ و ئیرادە ئازادیخوازە هەیە. شارلۆت لە ڕۆمانەکەیدا ڕۆڵێکی وای بە ژن بەخشیوە کە تەواو گوزارشت لە کەسێتیی مێینەیی خۆی بکات، کەسایەتییەک توانای جڵەوکردن و ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ناو ڕۆمانەکەی هەبێت.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لەو ڕۆمانەدا، توانای نووسەرە لە پەیبردن بە نهێنییە شاراوەکانی خودی مێ بە هەڵچوون و داچوونە دەروونییەکانیەوە. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی بۆ خۆی وەک ژن، ئەزموونی ئەو خودە دەکات، بەڵکو لەو ڕوانگەیەی کە هۆشیاری و درککردنی لە ئاستێکدا بووە، ژنانی دیکەی تێپەڕاندووە. بۆیە خوێنەری وریا، بە ئاسانی درک بەو شیکردنەوە ورد و قووڵە دەروونییە دەکات کە نووسەر بۆ مێینە کردوویەتی، تا دەگاتە قووڵایی ململانێ ناوەکییەکانی.

بە کورتی، ڕۆمانی جین ئایەر خستنەڕوویەکی فەلسەفیی قووڵ، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ- پەروەردەیی ورد، ئاوێنمایەکی ڕوونی دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەروەردەیی سەدەی نۆزدە و هەڵگری چەندین بیرۆکە و تێڕوانینی فیکریی پێشکەوتنخواز و نوێباوە کە دەشێ زۆرێک لە کۆمەڵگا نەریتگەرا و باوەڕسالارەکانی ئەم ڕۆژگارەی ئێمەش لێی سوودمەند بن.

شارلۆت لە شوێنێکدا گوتوویەتی: "پێنووسەکەم، تا گیانم لەبەر دایە، لێت جیا نابمەوە، با ناوی پیاوەکان تەنیا دەمامکێک بێت و لاپەڕەی خۆمانی پێ دەشارینەوە". نووسین و بلاوکردنەوە بە ناوی خوازراوی پیاو، بۆ خۆی ئاماژەیەکی ڕوونە کە ژن لەو سەردەمەدا لە چ دۆخێکی سەخت و هەلومەرجێکی ناجۆری کۆمەڵایەتیدا نووسیویەتی. شارلۆت ناوی پیاوی کردووەتە قەڵغانێک بۆ ئەوەی دیوارە پتەوەکانی ئەو دۆخە تێکبشکێنێ، تا ئەو دەمەی دەرفەت دروست دەبێت، وەک خودی خۆی، وەک مرۆڤ، وەک مێینەیەکی خاوەن بوونێکی سەربەخۆ و ئیرادە دەربکەوێ.

جین ئایەر گوزارشتێکی ڕاستەقینەیە لە گیانی یاخیگەر و تینوو بۆ ئازادی و جیهانێک تێیدا یەکسانی و مرۆسالاری سەروەر بێت. بۆ ئەوەی ئەو ڕۆحە سەرکەشە ڕەها بێت و ئەو ویستە ئازادیخوازەش ئامانجی خۆی بپێکێ. هەروەها بۆ ڕاکردن لەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە سەپاوە، شارلۆت زیرەکانە پەنا بۆ دەمامکی ناوی پیاو دەبات، کاتێکیش هەلومەرجەکە پێدەگات و زەمینە دەروونییەکەی لەبار دەبێت، ئەو دەمامکە فڕێدەدات و وەک خۆی، خۆیی مێینە، بە هەموو بوون و ئامادەیی خۆیەوە دێتە ناو گۆڕەپان.

شارلۆت لەبارەی دیاریکردنی پاڵەوانی ڕۆمانەوە دەڵێ: "نووسەران بە سووربوونیان لەسەر دەستنیشانکردنی پاڵەوانی جوان و کردنیان بە بناغەی کارەکانیان، بە هەڵەدا چوون. ئەوەیشیان بۆ دەسەلمێنم کە هەڵەن، من پاڵەوانێکی ناشیرین، یان خاڵی لە جوانی و لەڕ و لاوازی وەک خۆمیان پێشکەش دەکەم". ڕەنگە ئەم قسەیەی نووسەر ئاماژەیەکی ڕوون و ڕاشکاو بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین کە ڕۆمانی (جین ئایەر)، ڕۆمانێکە زێدەتر لە بایۆگرافیای نووسەر دەچێت.

ئەو ڕۆمانە کە هۆکاری ناوبانگ پەیداکردنی نووسەر و گرتنی پێگەیەکی دیارە لە ئەدەبی جیهانیدا، پێگەیەک کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لە ڕێگای ئەو ڕۆمانەدا بەدەستی هێنا و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، شارلۆت پاراستوویەتی، لە نۆبەرەی ئەو کارە ئەدەبیانەیە کە بەجددی قسە لەبارەی ئازادیی ژن دەکات، ئازادیی ژیان و بیرکردنەوە و بڕیاردان. هاوکات ڕۆمانێکە لە لوتکەی بەرزی ڕۆمانسیەتدایە، ڕۆمانێکە بەهۆیەوە توانی جڵەوی داهێنان و ناوبانگ و سەرکەوتن لە دەستی هەموو ئەو پیاوانە دەربێنێ کە تا ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە، جڵەوی جیهانی ئەدەب و داهێنانیان لەدەستدا بوو.

دواجار هاتنەوەی ناوی شارلۆت بۆ پێشەنگی لیست و ڕیزبەندیی 10 باشترین کتێبی پڕ فرۆشی ساڵی 2004، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە هێشتا سەردەمی ئەدەبی کلاسیک بەها و کاریگەریی خۆی ماوە و داهێنانی مرۆیی، تەمەنی چەندەیش درێژ بێت، بەڵام نامرێ و بە جاویدانی دەمێنێتەوە.

# سەید عەلی ساڵحی لە گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوەدا

شاعیرانێک هەن کەسایەتییان بەربڵاوتر و ناسراوترە لە شیعرەکانیان وەکو لۆرکا و شێرکۆ بێکەس



وەرگێڕ دەبێت جادووکار و سیحرباز بێت لە شیعردا

# وەرگێڕانی لاواز ئابڕووی شاعیر و وەرگێڕەکەش دەخاتە مەترسییەوە

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: عادل قادری**

**بەشی یەکەم**

ئەم وتووێژە لە بەهاری ساڵی 2013 و چەند مانگێک پاش کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەسی مەزن ئەنجام دراوە. کۆچی شێرکۆ لە ناوەندە ئەدەبی و کولتوورییەکانی ئێراندا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو ئەگەرچی حکومەت وەکوو پێویست لە تاران بواری بە کۆڕگەلی فراوان و شایستە نەدا، بەڵام هەمدیس دەرفەتێک بوو بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دونیای شیعر و شێوەژیانی بێکەس لەو ناوەندانە و خستنەڕووی هەندێ لایەنی کەمتر ناسراوی جیهانبینی و شیعری ئەم شاعیرە نەمرە لە گۆڤار و بڵاڤۆک و ڕۆژنامەکاندا. لەو دەمەدا حکومەت ڕێگرییەکی زۆری کرد و نەیهێشت لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵات هیچ کۆڕ و ڕێوڕەسمێکی ئەدەبی و ماتەمینیی شایستەی بۆ بگیرێت جگە لە چەند کۆڕ و ڕێوڕەسمی سادە و دۆستانەی کافەیی نەبێت کە بە دزی و پەنامەکی بەڕێوەچوون. ئەم بارودۆخەی پاش کۆچی ئەم شاعیرە هانیدام بۆ وردبوونەوە و قووڵبووونەوەیەکی جیاواز لە شیعری شێرکۆ و پلەی ئەدەبی و فیکریی شێرکۆ لە ئێراندا، بڕیارم دا شاعیری ناوداری ئێرانی سەید عەلی ساڵحی بدوێنم. ساڵحی یەکێک لەو کەسانە بووە کە بە وردی شیعر و ئەدەبی کوردی و بەتایبەتی شیعری شێرکۆی پەیگیر کردووە، ئەو لە کلاوڕۆژنەی ئەدەبەوە خەمەکانی کوردی فام کردووە و ئێستە وەکوو یەکێک لە دۆستانی ئەدەبی کوردی ناسراوە. ئەگەرچی زۆر بەرهەمی شێرکۆ (بە سانسۆرەوە) وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی، بەڵام بێگومان بەشێکی گەورەی شێرکۆ لایان نەناسراو ماوەتەوە و لە هەندێ پرسیاری ناو ئەم وتووێژەدا ئەوەش هەست پێ دەکرێت.

**عادل قادری: سەرەڕای ئەو هەموو پێداهەڵگوتنە کە سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی ئێراندا هەیە و بەڕاستیش درووست و بەجێن، مامۆستا بێکەس تا چەندە لەژێر تیشک و سێبەری بەرهەمەکانیدا، رووبەر و ئاسۆی دەرکەوتووە و ناسراوە؟ ئەگەر ئەم ناسراوەتییە پێویست و تەواو و شیاو نییە، هۆکارەکانی بۆ چی دەگەڕێنەوە؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** تا پێش هەڵبژاردە شیعری "سلێمانی و بوولێڵی جیهان"، لە زمانی فارسیدا جارناجارێ شیعرێک لە شێرکۆوە دەبیسترا، ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردەیە یارمەتیدەر بوو بۆ ناساندنی شێرکۆ بە جیهانی شیعری لە ئێران. بەشێوازێکی سەربەخۆ کتێبێکم لە مامۆستا نەدیوە. ئایا بۆ ناساندن و پێناسەکردنی شێرکۆ بێکەس، هەر ئەم چوارسەد لاپەڕە شیعرە بەس و شیاوە؟! ئەم کەڵە شاعیرە حەوت هەزار لاپەڕەی نووسراوی هەیە. پەرشوبڵاو و کەموکورت، هەڵبەت بەرهەمانێک لە شێرکۆ بێکەس وەرگێڕدراون کە لە تیراژگەلێکی بچووکدا، ئەوەش تەنیا گەیشتووەتە دەستی کەسایەتییە تایبەتە فەرهەنگییەکان وەکوو شاعیران، بەڵام گرینگ تەواوی خەڵکە نەک تاقمێکی کولتووری، لە ئێرانی ئێمەدا خەڵکانی شیعردۆست هەن. شاعیرانێک (لە زمانانێکی دیکە) هەن کە شیعرەکانیان ناودارتر و بەناوبانگتر لە کەسایەتییانە وەکوو لەنگستۆن هیوز و، شاعیرانێک هەن کە کەسایەتییان بەربڵاوتر و ناسیاوترە لە شیعرەکانیان وەکو فیدریکۆ گارسیا لۆرکا، شێرکۆ بێکەس، ئۆکتاڤیۆ پاز. هیوادارم هەر لەم دیالێکتیک و دانوستاندنە کولتوورییانەدا لە نێوان زمانی کوردی و فارسی، لە هەردوولاوە زۆرتر وەربگێڕدرێت و لەوانەش شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و شاعیرانی تری گەورەی هەرێمی کوردستان: عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد، ڕەفیق سابیر و... کە ئێستا لە زەینمدا نین و ئێوە باشتر دەیانناسن. وەرگێڕگەلێکی وەکوو ڕەئوف موورادی، کەریم موجاوری، حەڵەبجەیی، جەلیلیان، فەریاد شیری و (ئەم ناوانە لە دەستنووسەکە-وەڵامی پرسیارەکان- دا ساڵحی وای نووسیبوون و منیش دەستکاریم نەکردن. وەرگێڕ)... وەرگێڕانگەلێکیان کردووە کە دەبێت بە شێوەیەکی بەربڵاوتر درێژە بەو کارە بدەن. هەڵبەت هەر بەتەنها وەرگێڕان و هەڵگەڕاندن گرینگ نییە، وەرگێڕان دەبێت پڕبڕست و بە وزە، تەندروست و کاریگەر- دەقاودەق وەکوو شیعرە ڕەسەنەکە- بێت، ئەگینا وەکوو نامیلکەیەکی لێ دێت لە تیراژێکی هەزار دانەیی و دواتریش ون دەبێت، بێ کاریگەری و لەیادچوو و فەرامۆشکراو، ئیشی لاواز لە وەرگێڕاندا بڵاونەبێتەوە باشترە، چونکە هەم ئابڕووی شاعیر و هەمیش ئابڕووی خودی وەرگێڕ دەکەوێتە مەترسییەوە.

**عادل قادری: بۆچی لە ئێران ئەدەب و بەتایبەتی شیعری کوردی لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا گەشەی کرد و ناسرا؟ ئەمە لە حاڵێکدا کە ئەگەر بە ڕوانینی میخاییل باختین چاو لە دەق بکەین، شێرکۆ داهێنراوی دەقەکانی پێش خۆی و بەتایبەت کەڵەشاعیرانی کلاسیکی کوردیی بووە. شاعیرانێکی وەکوو نالی، مەحوی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەحمەدی خانی، حوسێن حوزنی موکریانی و حاجی قادری کۆیی و .. هتد، ئەوانە زمانی شێرکۆیان شکڵ دا و خودی شێرکۆش لە دووتوێ و ناواخنی دەقەکانیدا ئاماژەیان بۆ دەکات.**

**سەید عەلی ساڵحی:** مەبەست و واتاکانی میخاییل باختین چ پێوەندییەکی لەگەڵ خەونەکان و خەڵکی ئەم دەڤەر و ناوچەیە هەیە؟! هەر بوون و ئامادەگییەک لە جیهانی خۆماڵییانەی خۆیدا دەگاتە مەبەست و ئامانج، بەتایبەتی لە شیعردا. من ڕێزم هەیە بۆ بیردۆز و تیۆرییەکانی پێکهاتەخوازانی ڕووسیا، بەڵام پێکهاتە قووڵ و هەراوە زەینی و زمانییەکانی ئێمەی خەڵکی ئەم دەڤەرە میکانیزم، ئامێر، ماکە و هۆکاری خۆی هەیە و هەر بەو شێوەیەش پێناسە و بەرئەنجام و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و هەڵدەگرێ. شیعرێک کە دەرهاوێشتە و دەرئەنجام و بەری تیۆری ئەم و ئەو بێت، بەکەڵکی تاقیگە و لابووری تایبەت بە هیپاتیتی زەینی دێت. تیۆری ئێمە شۆڕش و هزر، ستران و یاخیبوون، داهێنان و ڕابوونە، ئەمەش لە هەموو ساتێک لەنێو ناخی زمان، بابەت، گێڕانەوە، شکڵ، پێکهات، لە فۆرم، لە فام و تێگەیشتن و لە بەرهەمئانیندا وجودی هەیە. لەکات و ساتی داهێناندا، وەرگێڕ و دانەر بۆ ئەم و ئەوێک کە بە شوێن خۆنواندن و گیڤەگیڤی زانستی تیۆریک و زمانی دەستکرد و تۆپزییانەی خۆیانەوەن، هیچ نرخ و بایەخێک دانانێت. کاتێک نالی و حافز و شاملوو و شێرکۆ هەن، باختین و ئەوان دۆڕاو دادەمێنن. بەرهەمی ئەم گەورانە (باختین و...) تەنها بەکاری زانستگا دەوڵەتییەکان دێت، نەک شاعیرێکی داهێنەر و خولقێنەر! خۆگلاندن و تێکەوتن لەم بابەتانە وەکوو ئەوە وایە کە سەرتاپا جلوبەرگی کوردی لەبەربکەین و ئەوجار بۆیینباخێکیش ببەستین! ئایا منداڵانی کورد بە ئاوەها بیچم و تەرحانێک پێکەنینیان نایەت؟ ماوەیەکی کورت یەک دوو کەسێک بە پەنابردن هەر بۆ ئەم "شۆخی"یانە، زۆر کەسیان لە ئێراندا هێنایە پێکەنین، بەڵام خەڵک نەیبینین و ڕەتیکردنەوە. خەڵک بۆ من گرینگن، "خود"ی کۆیی گرینگە. شیعری مامۆستا شێرکۆ جێی خۆی دەکاتەوە و وەردەگیرێت، چونکە زۆر لەگوڕ و سادق و ڕاستەقینەیە و هەستیار لەهەمبەر ڕۆحی شیعر، گیانی شیعر، جیهانی شیعر. باختینەکان تیۆرەکانی خۆیان لەناخ و ناوکی شیعری شاعیرانێکی وەکوو بێکەسدا دەبیننەوە، نەک بە پێچەوانەوە! خەڵکی پێشڕەو و سەختپەسەندی ئێران- لەزمانی فارسی- شیعری شێرکۆیان پەسەند کردووە و داکۆکییان لێ کردووە. ئەمەی کە ئەو کلاسیکە خۆ کێوەکانی قەندیلیش کلاسیکن!

**عادل قادری: تا چەندە پرس و بابەتگەلی شوناسی و مێژووییتان لە بەرهەمەکانی شێرکۆدا بینیوەتەوە؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** بۆ تێگەیشتن لە ئاوەها نیشانەگەل و هێماگەلی شوناسانە پێویست بە لێکۆڵین و شیکاری و لێکدانەوە نییە. شیعرێک کە لەبنەوەڕا و لە کرۆکی خۆیدا سەرچاوەی ئاوەها شوناسگەلێک نەبێت، شتێکە لە ئاست و ڕادەی "کا (پووش)"، پووش و وشە! کاتێک من دەڵێم: "شیعر" واتە هەموو شتێک لەوپەڕی بەرزی و کەماڵی خۆیدا. ئەگەر هیچ ناونیشانێک لە کوردستان و نەتەوەی کورد لەسەر زەوی نەمێنێ، بە گەڕانەوە و بەسەرکردنەوەی نووسینەکان و شیعری نالی، مەحوی و شێرکۆ، دەشێت هەمدیس ئەم بەش و کەرتە لە جیهان و ئینسان یەک بخەینەوە و دایبهێنینەوە. لەمە گرینگتر؟! بە گەنجەکانی تریش بڵێین: نەکەن بکەونە بەر شەپۆلی ترس و سامی ئەم لێکدان و ڕێکەوەندە هاوردەیی و غەوارە و بێهوودەیە. شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئینسان و جیهان ئەوەندە ئاڵۆز نییە کە بڕۆینە لای بۆ نموونە (فەیلەسووفانی شیکاری). خۆنواندن و بریقە وەبەرخستنی خۆ لە زماندا و لەڕێگەی ئەم وشە و لێکدانەوە سەپاوەوە تەنیا منداڵان رادەچەنن و دەترسێنن. مرۆڤی داهێنەر و پڕ زانیاری دەبێت بە زمانێکی سادە و ساکار و بێ توێکڵ بێتە ئاخافتن.

**عادل قادری: ساڵحی و بێکەس شوناسی زمانییان کە دەنگدەرەوە و نواندنەوەی ئەزموونی جیهانییان بەناوی شیعرە، تا چەندە پێکتەنراو و تێکتەنراون؟ دەمەوێ وەکوو لوڕێک یان بەختیارییەک چاو لەم بابەتە بکەن. من کاتێک لە پێگەی خوێنەرێکدا شیعرێک لە رابردووی دیرۆکی و مێژوویی خۆم دەخوێنمەوە، کەش و هەوا و جۆش و خرۆشێک لەگەڵ خۆیدا دێنێت کە وێکچووە لەگەڵ ئەو ساتانەی شیعری کچۆڵە و مانگی لۆرکا بە وەرگێڕانی شاملوو دەخوێنمەوە و ئەو نموونەیەش کە لە فۆلکلۆری لوڕی لە پێشەکیدا بۆتانم هێناوە، دەشێت لەم دۆخ و حاڵەتە جێگیر و دابەشکاری بکرێن؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** سەرەڕای لوتفی ئێوە، دان بەوەدا دەنێم کە لە نێوان من و ژیانی کورد و مرۆڤی کورد مەودایەک نییە. ڕەگ و ڕیشەکان هاوبەش نین، بەڵکوو یەکن. لقەکان و سەر دار و سەر ڕیشەکانیش لە یەک هەتاو هێز و وزە وەردەگرن. هەموو ئێمە گرێدراو و پەیوەستی (گوتار و وتارەکانی زاگرۆس)ین. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور، ئەم زنجیرە چیایە لە پێگەی (دایکێک) تەنها یەک داوێنی هەیە بۆ فێرکاری و پەروەردەی ڕۆڵەکانی.

**عادل قادری: ئایا وەرگێڕە کوردەکان ڕۆڵی دروست و ڕاستەقینەی خۆیان بە ئاراستەی گەیاندنی واتا و تێم و ناوەڕۆکە شیعری و ئەدەبییەکانی ئەدەبی کوردی بۆ ناو ئەدەب و کۆڕە ئەدەبییەکانی فارس گێڕاوە؟ ئەگەر نەیانگێڕاوە پەیام و قسەتان لەوبارەوە چییە؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** هێشتا زووە لەسەر ئەمە قسە بکەین و داوەری بکەین. وەرگێڕان کارێکی ئەستەمە، بە تایبەتی وەرگێڕانی شیعر. کەسێک کە خۆی شاعیرێکی پرۆفیشناڵ و پسپۆڕ نییە، مافی ئەوەی نییە شیعر وەربگێڕێت، ئەگەریش ئەوەی کرد دەبێت لە شاعیرە بەتواناکان کەڵک وەربگرێت، یان لانیکەم دووبارەبێژی و دووبارەداڕێژی بکرێت. کەسێک کە ڕێبەری ئۆرکێسترا نییە، تەنها ئەوەی کە دەتوانێت (نۆت)ەکان بخوێنێتەوە، ناتوانێت (سەمفۆنی پێنجەمی بێتهۆڤن) بەڕێوەببات و بیژەنێت. کەسێک کە دەتوانێت خۆماڵییانە هەڵپەڕێ و دیلان بکات، تەنها لەبەر ئەوەی کە دەتوانێت خۆی بجووڵێنێتەوە، ناتوانێ سەما یان هەڵپەڕکێی "ئیزادۆرا"... بکات. شیعر ناسکتر و تەنک و تەرچکتر لە مۆسیقا و سەمایە، وەرگێڕ دەبێت جادووکار و سیحرباز بێت لە شیعردا، ساحیر بێت لە وشەدا تا بتوانێت، ڕاستی و حەقیقەت بە تەواوی پێناسەکانییەوە بگوازێتەوە و بیپەڕێنێتەوە. لە بابەت و کردە و بکەرێکی وەکوو شیعردا تەنها وەرگێڕان بەس و شیاو نییە، دووبارە داڕشتنەوە و نۆژەندنەوەیەتی کە پاش وەرگێڕان گرینگە.

**عادل قادری: تا چەندە لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاشنایەتیتان هەیە؟ ئەم ئاشنایەتییە تا کوێ جێی باوەڕ و متمانەیە بۆ خوێندنەوەی شیعرێکی تەواو کوردی؟ مەبەستم لە شیعری تەواو کوردی ئەوەیە کە شیعرێک بێت بەپێی توخم و ماکە و پێکهات و تەنانەت ناوەڕۆکە ئینسانییەکان و بە شێوەیەکی قووڵ لە هەناوی کۆمەڵگا و مێژووی کورد هاتبێتە بەرهەم؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** من وەرگێڕ نیم، لەگەڵ و لەتەنیشت وەرگێڕە کوردەکاندا شیعری مامۆستا بێکەسم داڕشتووەتەوە و نۆژەندوومەتەوە. کاریگەرییەکە لەوپەڕی واڵایی خۆیدا بوو. خاتوو فریشتە ساری (شاعیر و ڕۆماننووسی ناوداری ئێران) پاش خوێندنەوەی "سلێمانی و بوولێڵی جیهان" بە منی گوت: (لێرە و لەوێ دەمبیست کە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام شیعرەکانی بە دڵەوە نەدەنیشتنەوە، ئێستا بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردە شیعرییە، تێدەگەم کە شێرکۆ بەڕاستی شاعیرێکی مەزنە!وەرگێڕان و نۆژەندن، واتە ئەوپەڕ و کەماڵی کارەکە! من لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاشنایەتییەکی ئەوتۆم نییە، بەڵام تا ڕادەیەک لێی تێدەگەم چونکە لە زاراوەی لوڕی (بەختیاری) نێزیکە، یان بە پێچەوانەشەوە!

**عادل قادری: لەگەڵ ئەدەبی کوردی بە مانا بەرین و ئەوڕۆییەکەی، واتە هەر لە شیعر و پەخشانەوە بگرە تاکوو دەقە زانستی و فەلسەفییەکان، تا چەندە ئاشنایەتیت هەیە؟ (ئەدەب بەم واتایە لە کتێبی تیۆری ئەدەبی یۆهان ویلیەم بێرتنێز، وەرگێڕانی فەرزان سجوودی کە لە زمانی ماتیۆ ئارنۆڵدەوە دەیگێڕێتەوە، مەبەستمە)؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** هەرچییەک تاکوو ئێستا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی فارسی (باش یان خراپ لە وەرگێڕانیدا) خوێندوومەتەوە. لە شیعرەوە بۆ ڕۆمان و...، هەڵوێستێکی تایبەتم نییە، جگە لەوەی کە وەکوو وایە و وا دەنوێنێت، من پێشتریش ئەم دەسکەوت و بەر (داهاتانمە خوێندۆتەوە. هەر هەمان جیهانی هاوبەش و گوتاری زاگرۆس، ئاوەها هەستێک لە مندا دەوروژێنێت، شوناسەکان هەر یەکن.

# بۆنی خالیدت لێ دێت




رەسووڵ سوڵتانی



جارێکی دی بەتەنێ ناچمەوە ماڵیان.. هەوڵ دەدەم لەگەڵ یەک دوو کەسی دیکە سەریان بدەم. خۆزگە ئیدی ئەمشەو وێنەکەی لە دیوارەکە کردبێتەوە. ئەو وێنەیە دەست و پێم دەبەستێ. شەرمی لێ دەکەم. دوێنێ برایمە شەل گوتی: بۆچی بە ڕۆژ هاموشۆیان ناکەی؟ عەیب نییە؟ شەرم ناتگرێ؟ ئەگەر یارمەتییان دەدەی بۆچی بە ڕۆژ ناچی؟

شەلەی سەگباب. ڕۆژ هەتا ئێوارێ وەک سێبەر بەدوومەوەیە. ئاخر بەتۆ چی دەچمە کوێ و ناچمە کوێ؟ بە تۆ چی کەی دەچم، ها؟

هەر ئەمشەو دەچم. ئیدی ئەمشەو هەموو شتێکیشی لەگەڵ دەبڕێنمەوە. چاوی خەڵک دەرهات. چ دەڵێن با بیڵێن. خۆ دەمی ئەو خەڵکە قوونی خۆم نییە بیقووچێنم نەترێ. هەر نەبێ لێرە دەڕۆم. بەس نییە؟ بیست و سێ ساڵ بەس نییە؟ خەڵک دوو ساڵ خۆ ناگرن. من بیست و سێ ساڵە دەیکێڵم... ئیدی بەسە. بەڵێن بێ...

ئەم وشەیە لەکۆڵم نابێتەوە. من بەڵێنم بە خالید و ئازاد و ئەمیر دا... گوتم بەڵێن بێ تا دوا هەناسەم درێژەدەری....

ئەرێ ئەو دروشمە زل زلانە چین ئێمە فێریان بووین؟ درێژەدەر، درێژەدەر... ڕۆحت شاد بێ خالید گیان، هەموو جارێ دەتگوت: ئێمە درێژەدەر نین، درێژدادرێ ئەو ڕێگەیەین... ئازاد تووڕە دەبوو بە ئێستای نەبێ دەیگوت دەمت لێک نێ هەتیو. هێندە گاڵتە بەو وشانە مەکە... ئەو ڕۆژەم قەت لەبیر ناچێتەوە هەردووکتان لێک راستەوە بوون، نەگەیشتبامێ لە دەموگووپی یەکتریتان دەسرەواند. ئازاد گوتبووی: ئەوە نیو سەدەیە تێدەکۆشین... خالیدیش گوتبووی: کەوابوو کتێبێکت بۆ دەنووسم و نێوی دەنێم "نیو سەوەتە تێکۆشین"... ئازاد تووڕە ببوو گوتبووی: لێت ناگرم. تۆ ڕێگەت لێ ون بووە، ئەگینا نەدەبوو لێرە بی. جا یان لە ترسی کارکردن هاتووی، یان دووچەرخەیان بۆ نەکڕیوی، ئەگینا ئێرە جێی پیاوانە.... قسەیان لێک هەڵدەبەزێتەوە و بەرۆکی یەکتر دەگرن. من کە ئاوڕم داوە خەریک بوون یەکتریان دێنا و دەبرد. زوو گەیشتمێ و لێکم کردنەوە... گوتم: کوڕە عەیبە هەتیوانە بۆ وا دەکەن؟ ئێمە سبەینێ دەچینەوە مەنتەقە. ئاوا بڕۆینەوە؟ خالید گوتی: ئەو هەتیوە لەگەڵ سوعبەت و گاڵتەی من رانایە. هەموو جارێکیش پێم دەڵێ تۆ پیاوی ئێرە نی...

ئازاد یەک دوو جاری دیکەشی وا پێگوتبوو. هەڵبەت تووڕە ببوو، ئەگینا خالید هەر من بزانم چەندە بە وەج و ئازا بوو. کە ژنی هێنا، هەمووان گوتیان: تەواو، ئەو پاڵەوانەش فت... خالیدیش ئیتر لێکەوت. بەڵام کە گوتیان کێ ئامادەی چوونەوەیە، یەکەم کەس ئەو ناوی خۆی نووسی. ئەوانەی گوتبوویان پاڵەوانەکە کەوت، شەرمەزار بوون. هیچیان پێ نەمابوو دەیانگوت: لە نیوەی ڕێیە پەژیوان دەبێتەوە. هەر ئەمساڵ دەچێتەوە. هیچ نییە دادەمرکێتەوە. با لە ناوچەوە بیری ژن و منداڵەکەی بکا... تۆبە دەکا...

ئەو ڕۆژەی لەسەر کانیەکە دەموچاومان شوشت، سەرێکی هەڵێنا و گوتی: پێشمەرگایەتیش هەر بە گەنجێتی و ڕەبەنی خۆشە. ئازاد گوتی: نەمگوت؟ خالید گوتی: چیت گوتووە؟ ئازاد گوتی: هیچ هەر قسەیەکی بەینی خۆم و مارف بوو. خالید گوتی: بۆم گرینگ نییە چیت گوتووە. ئێوە بە خۆتان و دوو کەلیمە خوێندەوارییەوە پێتانوایە فەیلەسووفن. گوێم لە هاتەران پاتەرانی ئێوە نییە...

یەک دوو جاران لە کۆبوونەوەدا گوتبووی: شۆڕش بە ژن و منداڵەوە ناکرێ. خەبات بە خێزانداران ناکرێ. گوتبووی: ناکرێ تۆ لە سەنگەردا بی و خەیاڵیشت لای هەنیسکی ژن و منداڵەکەت بێ و ئینجا ئەوەشی گوتبوو: ئێوە ئاوێکی خراپتان بۆ ڕشتووین. ئێمەش ژن دێنین و دەخەسێین...

نیوەڕۆ کە پێکەوە چووینە نێو دارەکان، گوتی: من ترسنۆک نیم. بەڵام ئیدی پیاو بەدەستی خۆی نییە. بڵێی و نەڵێی بەرانبەر ژن و منداڵ هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەی. تۆ ژنێک دێنیتە نێو ژیانتەوە و ئەویش هەموو هیوای ژیانی بەتۆوە دەبەستێتەوە، ئینجا خۆت دێیەوە کەس نازانێ دەگەڕێیەوە یان نا. لەو قسانەدا بووین تەقە دەستی پێکرد. ئەوەندەی یەک و دوو، دەتگوت مانگێکە خۆی بۆ ئەم دەموساتە ئامادە کردووە، دەسرێژێکی کرد و خۆی گەیاندە بن دارسێوەکە. هەرای کرد: ئازاد، بگە سەر گردەکە... ڕۆژ ئاوا ببوو. دەمولێومان وشک ببوو. ئەوان کشانەوە. دەمێک بوو لەلای خالیدەوە دەنگی تەقە نەدەهات. گوتم: یان بریندار بووە یان...

کە خۆمان کۆکردەوە و گەیشتینێ، پاڵی دابووە دارسێوەکەوە و تفەنگەکەی هەر بەدەستەوە بوو. دوا قسەیم وەبیر کەوتەوە. گوتی: مارف ئەگەر نەگەڕامەوە، ئاگات لە منداڵەکان بێ. سەریان بدە...

بەڵام چ بکەم؟ زمانی ئەو خەڵکە داناخرێ. ئەوە دەچم، بزانم ئەمشەو دەڵێ چی؟ حەفتەیەکە گوێ لە دەردی دڵی دەگرم. دوێنێ شەو دەستی خستبووە دەستم و دەیگوت بۆنی خالیدت لێ دێ... ئەمشەو پێی دەڵێم: ئیتر ئێرە جێی ئێمە نییە....

# سەرپۆشەکەی دایە زولەیخا



### پێشکەشە بە گیانی خاتوو رابیعای ئامۆزام کە لەو مابەینەدا شەهیدیان کرد

ساڵانێکە گوێم لە قرچەقرچی جەرگێتی و هەست بە گرەی هەنسکی ژێر سەرپۆشە سپییەکەی دایە زولەیخا دەکەم.. هەموو خەڵکی گوندەکەشمان دەزانن دوو وەچەی کوژراون و دانەیەکیشی تا ئێستێ مەرگوجێیە. دایە زولەیخای سێجار جەرگسووتاو، بەبێدەنگیی و بێدەسەڵاتانە چەندین ساڵ بەسەرپۆشە سپییەکەی ئەشکی دەسڕی.. فرمێسکی چاوانی ئامۆزاکەم زۆر سەیر بوون.. نە هەر سەرپۆشەکەی تەڵخ و بۆر نەدەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو ڕۆندکانەی ساڵەهای ساڵ دەیبارانده سەری، هێندەی دی سەرپۆشەکەی لە زیوی سپی، بەفری کوێستان، مانگی چواردە، بریسکەدار و بێگەرد و سپیتر دەکرد.. ئەهلی گوندەکەمان ئەمەیان بە پەرجوو دەزانی.. کەچی ئەوانی ئەمبەر و ئەوبەر نە ئەو پەرجووە سپییە بریسکەدارەیان دەبینی و نە هەنسکی گەرم و قرچەقرچی جگەری ئامۆزاکەمیان دەژنەوت!

ئامۆزا ئەمڕۆ بڕیاری دا شتێ بکات.. چیدی بەبێدەنگی ئەسرین نەڕێژێت.. پێمگوت:

– زولەیخا! ئامۆزا دڵڕەنجاوەکەم! ئەمڕۆ ڕۆژێکی وەیشومەیە.. ئەمانەش بێئامانن.. کۆ لە هیچ ناکەنەوە بەهیچ شتێکیش پڕنابنەوە.. سوێیەکی دی بە جەرگماندا مەکە!

زولەیخا گوتی:

– ئامۆزا! دەزانم ڕۆژگارێکی نەگریس و بێمروەتانە تێکەوتووین.. ئەمن بڕیارێکەو داومە.. خاتری پرچە سپییەکەیان نەگرتم چیدی ناخوازم و نکارم بۆ چرکەساتێکیش لەنێو ئەم گەندوگووانەدا بژیم!

زولەیخا بەو سەرماوسۆڵە و ڕەشەبایە، لەو ڕۆژگارە ئاخۆران و بخۆران و خوێناوییەدا.. کاتێ ئەوان خۆیان بۆ یەکدی مەلاس دابوو، بەرلەوەی فیشەک گیزە بکات و ویزەی بێت، لەناکاو لەسەر گردۆڵکەیێ لە ناوەڕاستی هەردوولادا، چوون پەیکەرێکی یۆنانی قوت بووەوە.. بە دەنگێکی دلێرانە و دڵ و دەروونێکی دایکانەوە سەرپۆشەکەی داماڵی و شەکاندییەوە.. فەرمانی دا:

– ئیدی بەسە! هەی بێچووە مارەکان ئیدی بەسە!

تاوە کەزێکانی چوون سەرپۆشەکەی بەدەم ڕەشەباوە دەشەکانەوە و بریسک و هۆڕیان بوو.. هەردوولا بەلەز خۆیان مەڵاسدا.. هەرلایێ وایدەزانی ئەمە پیلانێکی داڕێژراوی ئەولاکەی دیکەیە.. هەردوولا کشومات.. پەنجە لەسەر پەلەپیتکە.. چاوەڕوان و گوێقوڵاخ.. دەنگی دایە زولەیخا لەتەک لوورەی ڕەشەباکەدا بەنێو گرد و دۆڵەکاندا هاژەی دەکرد و دەنگی دەدایەوە:

– هەی بێچووە مارەکان! بەسە بەس! گەمژە خوێنڕێژەکان! بەسە! لەنێو کوردانادا وەک عورف و عادەتێ.. هەر ژنان و دایکانی گیسو چەرموو ناوبژیوانییان کردووە و خوێنیان کوژاندووەتەوە.. هەی وەچە نامەردەکانم! ئێمەی دایکان.. ئەمجارەش بۆ دواجار لێتان خۆشدەبین.. ئەگەرنا ئەو شیرەم وەک چڵکی سەگ پێتان حەرام بێت.. وەرن! دەی وەرن! سەرپۆشەکەم بکەنەوە بە ئاڵای ئاشتی و دەواری برایەتیتان.. چەکەکانتان سەربەرەوخوارکەن! وەرن لێرەدا ببنەوە ڕۆڵەکەی جارانم.. سوێندم بەم خاک و نیشتمانە بەتەگبیرم نەکەن هەتاهەتایە بەنەفرەتتان دەکەم.. لێرە ناڕۆم.. تا...ئاخ...


لە هەردوولاوە ویزەی فیشەک.. لە هەمان ئانوساتدا تۆز و خۆڵی ئەملاو ئەولای گردۆڵکەکەی ژێر پای دایە زولەیخای بەدەم باکەوە دەدا.. زولەیخا بەکاوەخۆ دەسووڕا.. دەستی لە هەوادا بە سەرپۆشەکەوە دەسووڕا..

– ئێوە.. ئای.. وەرن.. سەرپۆشە.. ئاشتی.. لێرە.. وەرن.... هەی.. نەفرە.. بێچووە ما.......

هەروەکو سەرچۆپی گرتبێت وابوو.. تا پەنجەکانی بەسەرپۆشەکەوە شل بوون.. سەرپۆش بەدەم ڕەشەباوە لوولی دەخوارد و دەکرایەوە.. بەرز و هەتا چاوبڕبکات بەرزتر دەبووەوە.. وەک کۆترێکی ئاشتی لە ترسی دارلاسیکەکانی ئەمبەر و ئەوبەر بەرەو قووڵایی ئاسمان بچوک و بچوکتر دەبووەوە.. بچوکتر.. تاکو بووە ئەستێرەیەک بەتەوێڵی ئاسمانی تارەوە.. لەو ڕۆژەوە هەرکەسێ لوولەی تفەنگی بکاتە میللەت.. ئەستێرەی زولەیخا دەبریسکێتەوە و بۆ هەرلا بڕوا بەدواوەیەتی و جاڕی لێدەدات و دەجریوێنێت.

– ئەمەیان خۆیەتی!

ئەنکەرە/ نۆڤامبەری 2000



رەوف حەسەن